# شەرمەزاریەکی گەورە لە دوای "کاترینا" ..!

نووسینی : نیکۆلاس کریستۆف
وەرگێڕانی : ڕزگار عومەر



ئەو نەداریەی کە لە تەلەفزیۆنەکاندا پیشان دران ، تیشکی خستە سەر بێ خەمی ئیدارەی بۆش لە بەرامبەر درێژ کردنی دەستی یارمەتی بۆ هاوڵاتیە هەرە هەژارەکانی ئەمریکا ، نیشانی دا کە چۆن منداڵان تەنانەت هەندێ جار گیانی خۆیان لە دەست دەدەن ، چونکە لە خێزانە هەژارەکان لە دایك بوونە .

ئەو دیمەنانەی کە لە ( نیو ئۆرلیانز ) بینیم ، ئاخ وژانی لافاوێکی تری هەمان شێوەم بیر دەخاتەوە ، کە لە ساڵی 1991 بووە هۆی کوشتنی 130 هەزار کەس لە بەنگلادیش ، بەڵام لەوێ حکومەتی بەنگلادیش ئەو دەمە زۆر زیاتر لە ئێستای حکومەتی ئەمریکا کارو کردەوەی هەبوو بۆ فریا کەوتنی لێقەوماوەکان .



بەڵام باوبارانەکانی " کاترینا " پەردەی لە رووی کێشەیەکی گەورەتر هەڵدایەوە ، کە ئەویش زیاد بوونی ئەو هاوڵاتیانەیە کە لە خوار هێڵی هەژاری ژیان بەسەر دەبەن ، رەنگە هێشتا زووبێ بۆ گلەیی و رەخنە لە هەڵوێستەکانی حکومەت لە بەرامبەر کارەساتەکە ، بەڵام ئیدارەی بۆش دان بەوە دادەنێ کە رێژەی هەژاری لە ژێر ئیدارەی ئەواندا زیادی کردووە .

چەند رۆژێك لەمەوبەر ، ئۆفیسی ئاماری ئەمریکا رای گەیاند کە رێژەی هەژاری لە چاو ساڵی پاردا سەر لەنوێ زیادی کردووە لە ئەمریکا ، بە بەراوارد لە گەڵ ساڵێك زووتر لە ساڵی 2004 دا 1.1 ملیۆن خەڵکی تر زیاد بوو بۆ رێژەی ئەو هاوڵاتیانەی کە لە خوار هێڵی هەژاری دەژین ، لە سەردەمی "بیل کلینتۆن " ئەم رێژەیە کەمی کردبوو ، بەڵام لە سەردەمی جۆرج بۆشدا لە 17% زیادی کردەوە .

ئەگەر بینینی تەرمی سەر ئاوکەوتوو لە جادەکانی "نیوئۆرلیانز " دیمەنێك بێ جێگەی شەرمەزاری بێ ، ئەوا لەو دیمەنە نەنگی تر ئەوەیە کە رێژەی مردنی منداڵان لە پایتەختی ئەمریکا دووقاتی رێژەی مردنی منداڵانە لە پایتەختی چین ! چونکە لە ساڵی 2002 دا رێژەی مردن لە نێو ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان نەگەیشتۆتە ساڵێك ، لە ئەمریکا 11.5% بوو کەچی لە پایتەختی چین 4.6% بوو . بە پێ ی ( بەرنامەی گەشە پێدان ) ی نەتەوە یەکگرتووەکان ، ئەو منداڵەڕش پێستەی لە

واشنتۆن لە دایك دەبێ  شانسی مانەوەی کەمترە لەو منالەی کە لە ناوچە شاریەکانی هەرێمی ( کیرالا ) ی وولاتی هیندستان لە دایك دەبێت .



لە ژێر سایەی حوکمی جۆرج بۆشدا ، لە سالی 1958 وە یەکەم جارە رێژەی مردنی منالان لە ئەمریکا زیاد بکا ، بە پیچ راپۆرتی نیچو نەتەوەیی رێژەی مردنی منالان  ، لە لیستی وولاتەکاندا ئەمریکای خستۆتە رێزی 43 یەم ، واتە ئەگەر بتوانین لە جیاتی وولاتی سەنغافورە بچینە ژمارە 1 ی ئەو لیستە ، ئەوا سالانە دەتوانین گیانی 18900 منالی ئەمریکی لە مردن بپارێزین ! ئەو منالانەی لە لە هەلمەتەکانی فریاگوزاری لە " نیوئۆرلیانز " گوێزرانەوە بۆ شارەکانی تر شانسیان زۆر لەوانی تر باشترە ، چونکە لەوانەیە چەند فەحسێك و دەرزی کوتانێکیان بۆ بکرێ ، بەلام لە ئاستی وولاتدا لە 29% منالان لە 12 سالی کۆتایی تەمەنیان هیچ جۆرە بیمەیەکی تەندروستی و پزیشکی نایانگرێتەوە ، زۆربەشیان بێ بەشن لە رعایەتی دکتۆرو دەرزی کوتان ، بۆ کوتان دژی نەخۆشی ( سورێژە ) لە نێو وولاتاندا  ئەمریکا لە خواری خوارەوەیە لە ریزی 84 م دایە ، بۆ کوتان دژی نەخۆشی ئیفلیجی منال ئەمریکا لەویش هەر لە ریزی خوارەوەیە ، لەوێ لە 89 یەم دایە !

کارو کردەوەکانی تالانی یەکێك بوو لەو کردەوانەی جێگەی قێزو جێگەی نائومێدیە ، لە سالی 1995 من لە ژاپۆنەوە خەریکی هەوال ناردن بەسەرکردنەوەی ئیعلامی بومەلەرزەی ( کوبی ) م لەوێ کە بووە هۆی کوژرانی 5500 کەس ، من لەوێ زۆر گەرام بە شوێن هێمایەك بۆ کارو ئاکاری تاوانباری ، لە کۆتایدا هاولاتیەکی ژاپۆنیم دۆزیەوە کە شایەدحالی تاوانی دزیەك ببوو بە چاوی خۆی سێ کەسی بینیبوو کە لەم کارەساتەی ئەوێ خواردنیان دزی بوو ، منیش کە بینم لێم پرسی :- هەست بە ئیحراجی ناکەی کە سێ هاولاتی ژاپۆنی لەم کارەساتەدا خەریکی ئەم تاوانە بوونە ، وەلامی دامەوەو ووتی ئەم سێ کەسە ژاپۆنی نەبوون بەلکو بیانی بوون !

کێشەکە ئەوە نیە  پارە لە جیاتی بۆ دروست کردنی پردو بەربەست تەرخان کرێ ، بۆ مەسرەفی شەر لە عێراق تەرخان دەکرێ ، بەلکو کێشەکە لەوەدایە لایەنە حکومی و بەرپرسەکان باجیان لە سەر دەولەمەندان کەم کردەوە لە جیاتی ئەوەی پارەی زیاتر بۆ کوتانی منالان تەرخان بکەن .

بە پێ ی ئەو قسانەی سەرەوە دەکرێ بلێین رێگاچارەی ئاسان نیە بۆ هەژاری لە ئەمریکا ، هەروەکوچۆن سەرۆکی پێشووی ئەمریکا " رۆنالد رێگان " ووتی :- (( شەری دژی هەژاریمان لە بیر چوو ، هەژاری لە ئێمەی بردەوە )) بەلام ئێمە پێویستیمان بەم هەموو رەشبینیە نیە ، چونکە لە دەیەی نەوەدەکاندا پێشکەوتنێکی بەرچاومان بینی لەو مەیدانەدا ، هەروەها تروسکایەکی تریش لە کتێبەکەی هاورێمان " گیسیۆن دیبیرل " دەبینین کە یەکێکە لە باشترین ئەو کتێبانەی دەربارەی هەژاری لە ئەمریکا (( خەونی ئەمریکایی )) دەدوێ .

ئەوەندەمان بۆماوەتەوە کە بلێین ، دەبێ ئەو روونکردنەوەو ئەم جۆرە راستگۆیە بهۆنینەوە کە هەولدان بێ بۆ چارەسەری ئەو هەژاریەی ئەمریکای گرتۆتەوە و بۆ ئەوەی کارەساتی نیوئۆرلیانز لە بیر نەکەین . " ریتش لاوری " بۆ پارێزگاری کردن لە ئیدارەی بۆش پێشنیارێکی خستبووە روو ، کە کورتی کردبۆوە لە (( راست و چەپ پێویستیان بە رێکەوتنێکی گەورەیە ، کە بریتی یە لەوە بالی چەپ گرنگیەکی زیاتر بدا بەو منالانەی کەلەو دایك و باوکانە لە دایك دەبن و کەلە رووی یاسایەوە ژن

**و مێرد نین ، له بەرامبەریشدا باڵی راست پارەی زیاتر له خزمەتگوزاری شارەکاندا سەرف بکا )) دەنا مردنی 55 منالْ لەکۆی ئەو 77 منالەی بەرەو ڕووی دەبنەوە ، دەبیْ به باوبارانی هەژاریەکی وێرانکەر و پڕ له شەرمەزاری له وولاتەکەمان دەدا .**

**<u>سەرچاوە</u>**

**رۆژنامەی (الشرق الاوسط )**

**الاربعاء 04 شعبان 1426 هـ 7 سبتمبر 2005 العدد 9780**